# پانۆڕامای عاشقی وشەی هەق

دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین
هەولێر ٢٠٠٤/٣/٨

## مامۆستا حەمەسەعید حەسەن

## ئیرهابییەکی فیکرییە!

### - بەشی چوارەم -

بەپێی داب و نەریتی ناو کۆمەڵگا و دەستوور و شەرعیەتی ئاسمانی و ڕێسمانی و یاسای نێو دەوڵەتی ( چاوسوورکردنەوە و هەڕەشە و ترساندن و تۆقاندن ، تا لێدان و ئازار و ئەشکەنجەدان زیندانی بێ یاسایی و کوشتن و لە ناوبران) بە کارو هەڵوێستی ئیرهابی دائەنرێن.....ئامانجی ئیرهاب ئەوەیە: بەزەبری هەڕەشە و هێز و بەکارهێنانی ئاسن و ئاگر و بیراز و دارکاری فیکری ، مرۆڤ بترسێنرێت و بێ دەنگ بکرێت و سەر بۆ خواست و مەبەستە نا ئاسایی و نا شەرعی و نا دروستەکانی ئیرهابی دانەوێنێت ، بەوەش ئازادی و مافی سروشتی مرۆڤ پێشێلئەکرێت.

قسە و نووسینی ، زبر و هەست روشێنەر و بریندارکەر ، هەڕەشە و گوڕشە ، بە نیازی ترساندن و بێ دەنگ کردن ، لە ئاست مافەکانی (تاك و کۆمەڵ)ی مرۆڤ ، بە ئیرهابی فیکری دائەنرێت ..ئەم دیاردە ترسناك و کارە قێزەونە، ماوەیەکە لای ئێمەی کورد (بەداخەوە) سەریهەڵداوە ، خەریکە گەشە ئەکات و چەندین نووسەر و ئەدیب و رۆشنبیر و تەنانەت هەندێك سیاسی و حزبەکانیش بە هەر هۆیەکەوە بێت ، لە ئاستیدا بێ دەنگن.

یەکێك لەوانەی پەنا بۆ بەکارهێنانی شێوازی ئیرهابی فیکری ئەبات ، مامۆستا حەمەسەعید حەسەنە... هەر کەس و لایەنێکی لا پەسند نەبێت و بیروڕای لەگەڵدا نەگونجێت ، یاخود کەسێك زمانی زەڵلەبکات و جگە لەپیاهەڵدان ناوی بهێنێت ، ئەوا وەی بەحاڵی ، ئیدی شەل و کوێرم ناپارێزم ، تێبەر ئەبێت، شێوازی نا ئاسایی و نا یاسایی بەرامبەر بەکار ئەهێنێت، تێر جنێو ئەکات ، سوکایەتی پێئەکات بێ هیچ پاساوێك ، بێ هیچ بەڵگەیەکی سەلمێنەر، بێ هیچ بنەمایەکی راستی و بنچینەیەکی دروست ، بۆ ناوزڕاندنی بوختانی بۆ دروست ئەکات و تاوانی ناڕاستی بۆ هەڵئەبەستێت...من خۆم بەتەنیا و بە بەڵگەوە ئەو راستیە ناڵێم...بەڵکو قوتابیەکەی خۆی ، بەڕێز ئازاد موحەمەد ئەو راستییەی سەلماندووە.

من لەو کێشە نارەوا و بێ ویژدانانەیەی مامۆستا حەمەیسەعید حەسەن بۆی دروست کردم هەستم بەو شێوازە ئیرهابیە فیکرییەی کرد و زۆر نووسەری بەڕێزی دیش لە هەولێر و سلێمانی و دەرەوەی وڵات ، پەیوەندیان پێوەکردووم و ئەیانووت: تۆ لەسەر هەقیت و مامۆستا حەمەسەعید حەسەن بە ناهەق زوڵمی لێکردویت ، بوختان و تاوانی بۆ دروست کردویت. دواتر فەرموویان:

ئێمە حەزمان ئەکرد وەڵامی قسە چەواشەکاریەکانیمان بدایاتەوە..بەڵام لە جنێو و سوکایەتی و دەمەپیسەکەی ئەترسین..نامانەوێت لێمان بوروژێت ، چونکە هەر پەنا بۆ شەرە جنێو نابات بەڵکو سنووری ئادابیش ئەبەزێنێت.. ئەو ئیرهابی فیکری بەکار ئەهێنێت ، ئێمە قوربانی ئەو ئیرهابیە فیکرییەن و ئامادەین لەبەردەم دادگادا ، ئەو شایەتیە بدەن.

ئەو ئیرهابە فیکرییەی مامۆستا حەمەسەعید حەسەن بەکاری ئەهێنێت.. بەڕێز ئازاد موحەمەد بە شانازیەوە باسی ئەکات و ئەڵێت: ( ئەگەر چی هەندێك یان لەبەری هەڵدێن وەلیّ مامۆستا (( واتە: مامۆستا حەمەسەعید حەسەن)) هەمووکات بەهەستی حەوتەمین دەیاندۆزێتەوە و دارکاری فیکرییان دەکات) [1] .

ئا ئەوە عەقلیەتی دواکەوتووی چاخەکانی ناوەڕاستی ئەو نووسەرەیە و بە قسەی قوتابیەکەشی ئەو ڕاستییەی سەلماندووە مامۆستا حەمەسەعید حەسەن بە کردەوە ئیرهابیەکی فیکرییە ، سەیرکەن ئەو ئیرهابییە فیکرییە چەند ((قاسی و رەهیبە)) ، تەنانەت ئەوەندە بیّ بەزەییە ، هەست و گیانی مرۆڤانەی تیانییە، ئەوانەی لەبەریشی هەڵدێن و خۆیانی لێئەبوێرن و ئەیانەوێت لە گێچەڵ و شەڕی دووربن ، ئەم وازیان لێناهێنێت و بەدوایاندا ئەگەڕێت.

بەقسەی قوتابیەکەی ((ئەگەر چی لەوەشە ئەو ناوە ، ناوی خواستەمەنی بێت و خودی مامۆستا حەمەسەعیدیش بێت)) ئەڵێت: بە هەستی حەوتەمین ئەیاندۆزێتەوە و دارکاری فیکریان ئەکات.لێتان ناشارمەوە من ٢٢ ساڵە خۆم لە شەڕە جنێو سووکایەتی پێکردن و بوختان هەڵبەستنی ئەو ئیرهابیی فیکرییە ئەپارێزم بەڵام شەڕ یەخەی گرتم بەر کاری ئیرهابی فیکری کەوتم.

بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردە ترسناك و دەنگە نەشاز و کردەوە پۆخڵانەی ئیرهابیی فیکری حەمەسەعید حەسەن ، ئەرکی سەرشانی هەموو قەڵەمێکی نەترس و شەریف و نیشتمانپەروەرە ، سەرەتا بە زمانی گوڵ و گفتوگۆی شارستانانە لەگەڵی بدوێن بە نووسین رووبەرووی ببنەوە و لە پێناو پاراستنی رووی گەش و خاوێنی بزاڤی ئازادیخوازی کوردستان ، بە زمانی شیرین ، قەناعەت بەو ئیرهابیە فیکرییە بهێنرێت ، دەست لە: ( شەڕە جنێو و سووکایەتی کردن و بوختان دروست کردن و تاوان هەڵبەستن و فیتنە و ئاژاوەگێڕی ) هەڵگرێت ، ئەگەر نا ، قیرکچمەیکرد ، ئەوا ئەوانەی مامۆستا حەمەسەعید حەسەن بە خت و خۆڕایی پەلاماری داون و ناوی زڕاندون و ویستویەتی لەکەداریان بکات.. لە دادگا دەعوای لەسەر تۆمار بکەن ، تاکو ببێتە پەندی رۆژگار و کەسی دی زاتی نەبێت پەیڕەوی بکات و خۆی بە قوتابی ئەو ئیرهابیە فیکرییە بزانێت. هەر ئەمە تەنیا ڕێگایە بۆ نەهێشتنی دیاردە و کاری ئیرهابی فیکری کە لە ئیرهابی کوشتنی مرۆڤ کەمتر نییە.

دەبا هەموو مرۆڤێکی نەترس و دڵسۆز بە مرۆڤایەتی بازووی جوامێرانەی لێهەڵماڵێت و بە گفتوگۆ و نووسین و یاسا و داد گسك لەم دیاردە ترسناکە بدەن و نێوەندی نووسەرانی کوردی لێپابکەنەوە.

www.kurdistannet.org

**پەراویز**

(١) – کوردستان نیت ٢٠٠٤/٣/٨

***************